# وەزارەتی ڕۆشنبیری ، پاپۆڕێکی تێکشکاو ...



ئیسماعیل حەمەئەمین

لەوەتەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەیە لەم کوردستانە شوێنێك بووە بۆ قسەکردن بە دەنگێکی پڕ لەشەرم، تەنانەت لە کاتی حکومەتی هەرێمی یەکەمیشدا گوناهترین وەزارەت بوو ، نەك هەر سەربەستی نەبوو ، بەڵکو خاوەنی هیچ پڕۆژەیەکی جیدی ئەو تۆ نەبوو کەلەئاست کاری وەزراەتدا بێت، لەبەرامبەر ئەوەدا ڕۆژنامە و ڕادوێ و تەلفیزۆنی حیزبەکان ئەو بوونەیان دەشاردەوە کەناوی وەزارەتی کولتورە . بەداخەوە تاوەکو ئێستاش ئەو وەزراەتە بەو شەرمنیەی خۆیەوە لەنێوان دووکابینەکە ، بەدوو وەزیرەکەیەوە هەمان مێژووی بێدەنگی و شەرمنی درێژ دەکەنەوە، ئەمە جگەلەوەی وەزیرەکانیان دووکەسن لەدەرەوەی حزبی دەسەڵاتداری خاوەن کابینە بوون، ئەوەی سلێمانی حزبی زەحمەتکێشان بوو و ئەوی پارتیش ، هەر بە یەکێتیەکی کۆن لەقەڵەمدەدرا .

ئیدی خوێندنەوەیەکی قوڵی ناوێت کەبلێین : بەلای دەسەڵاتەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو پاپۆڕەیە پڕ دەکرێت لە کاپیتانی نامۆ و خەڵکی نەوازە و خەیاڵاوی و شاعیر و چیرۆکنوسی بێ ئیش ، وازی لێدێنین لەو وەزراەتەدا بەدەست بەڕێوبەرە حزبیەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن و کێشەیان هەبێت لەگەڵ هەموو شتێکدا ، تەنها ڕۆشنبیری نەبێت .

کاتێك هەردوو برای ئازیزمان ( ئاسۆس هەردی و توانا عوسمان ) دادگایی کران ، دیسانەوە ئەو پرسیارەم لەخۆم کرد ، کوا دوو وەزیر و دوو وەزارەتەکەی ڕۆشنبیری ؟!!، کەمالی سەید قادر ئەم هەموو مانگە سوکایەتی پێکرا و سی ساڵ حوکمدراو حوکمەکەیان بۆ مارە بەجاش کردەوە ، کەچی وەزراەتی ڕۆشنبیریی فزەی لێوە نەهات!! ، ئەوا نوسەرێکی بەتوانای وەك (عەتا قەرداغی ) لەسەر بیروڕاکانی ڕاپێچی ئەو دادگایە دەکرێت کە کار بە قانونی (تەشهیری ) زەمەنی بەعس دەکات!، کەچی وەزارەتی ڕۆشنبیری ناڕەزایەکی شەرمنانەی لێوە دەرنایەت !! ، ئەم هەموو ڕووداوە گەرمانە کە کەکرۆکی کێشەی ڕۆشنبیرین لەکوردستان ، هەموو کەسێك قسەی لەسەر دەکات تەنها وەزارەتی ڕۆشنبیری نەبێت .

ئەمە پێویست ناکات باس لەوە بکەین کەدەسەلاتی کوردی ، کەهێشتا لەنێو تەونە جاڵجاڵۆکەیەکانی کولتوری بەعسدا گینگڵدەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری وەك زوڕنا ژەنێکی سەرکەوتنە وەهمیەکانی خۆیان دەبینێت ، ئەرکی وەزارەت بەپێوانەی پڕوپاگەندە بۆکردن دەپێورێت و میدیاش بەهەمان شێوە لەدیدی دەسەڵاتەوە هەمان ئەرکی هەیە، ئەو وەزراەتە وەکو وەزارەتی مافی مرۆڤ وەهایە ، نا چالاك و شوێنی خەوتن و ڕازیکردنی نەیارانە و پلەیەکی بەتاڵە لە دەسەڵات و بڕیاردان . بەکورتی و بەکوردی ئەوەی بەلای ئەم دەسەڵاتەوە گرنگ نەبێت ڕۆشنبیری و وەزارەتەکانیانە ...

ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کەلەهەموو دنیادا وەزراەتی ڕۆشنبیری یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگانەی جێگەی سەرنجن و پشتگیری کردنن، کاتێك وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتێك دێڕێك دەڵێت سەبارەت بە مەسەلەیەکی زیندوویی کۆمەڵگە، دەبێتە کێشەیەکی ڕاستەقینە و لەئاست کولتوردا هەموو یەکێك دەهەژێت ..بەڵام بەداخەوە ئەمە لای ئێمە بەپێچەوانەوەیە، ئەوەی گرنگ نەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزیرەکەیەتی ، لەبەر ڕای جیاواز وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی سلێمانی سزا درا ، زۆر بەئاسانیش تێپەڕ بوو بێئەوەی یەك کادێری حزبی سۆشیال دیموکرات و زەحمەتکێش فزەی لێوە بێت، ئاخر وەزیری وەزارەتێکی ڕۆشنبیری بەلای ئەوانە دەبێت شایەنی شەڕی سیاسی نەبێت..بەمەرجێك کاتێك وەزیرێکی ڕۆشنبیری لەسەر بیروڕا نەك سکانداڵی مالی و کۆمەڵایەتی سزا دەدرێت ، ئەوا دەبووایە ئەو هەموو کادێرە سیاسیانە هەستیان بەو مەترسیە بکردایە کە دیموکراسیەت بەرەنگاری دەبێتەوە ، بەڵام دیارە و ئاشکرایە کە سیاسەت لای ئێمە فڕی بەکولتورەوە نیە ، ئیدی دەبێت ئەوانە چۆن لەو پەیوەندیەی نێوان ڕۆشنبیری و دیموکراسیەت تێبگەن..

**هێشتا سێبەرەکانی (لەتیف نسەیف جاسم) ی کۆنە وەزیری ڕۆشنبیری حزبی بەعس بەنێو ڕاڕەوەکانی دەسەڵاتی ئێمەدا دێت و دەچێت و دەسەڵات ناتوانتێت خەیاڵی وەزیرێکی ڕۆشنبیری بکات دوور لەو وێنەیە . ئەمە جگەلەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری باس لەکێشەی دیموکراسیەت بکات و دژی یاسای (تەشهیر ) بەعسی ڤیتۆ بدات و لەدژ بەندکردنی نوسەران و ڕۆژنامەنوسان لەژێر هەر ناوێکدا بێت هەنگاوی جیدی بنێت ، ئەو کارانە بەلای دەسەڵاتەوە ئەرکی هەر کەسێك بێت ، ئەرکی وەزیری ڕۆشنبیری و وەزارەتەکەی نیە ، ئەمە جگەلەوەی ئەرکی وەزراەتیش نیە لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی و مەنهەجی خوێندن قسەبکات و ڕەخنەگر و هاوکاری وەزراەتی پەروەردە بێت ، بەڕای دەسەڵاتی کوردی وەزارەتی ڕۆشنبیری نابێت پابەند بێت بە زانکۆ وە و هاریکاربێت، وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێت وەکو ئەو پاپۆڕە وابێت کە لەسەدەی ناوەڕاستی ئەوروپادا پڕیان دەکرد لە شێت و خەیاڵاوی و گەڕو قۆشمەچیە ڕەخنەگرەکان و شەو و ڕۆژ و مانگ و ساڵ بۆ دوورخستنەوەیان لەم بەندەر بۆ ئەو بەندەر سەفەریان پێدەکردن ، زۆر جار ڕوویدەدا کە شێتێك ، یان گرۆپێیەك لە شارێك دەرکەوتایە ، شازادە و میرەکان خێرا کاپیتانی ئەو پاپۆڕەیان نان بڕاو دەکرد ، چونکە ئەرکی ئەوە نەیەڵێت شێت و لێبوك و قۆشمەچیەکان، بەخەیاڵاتەکانیان پیرۆزی پاشاکان و قەیتولە خزمەتچیەکانیان لەبەر چاوی ڕەعیەتدا لەکەدار بکەن .. وەزیرەکانی ئێمەش تاوەکو ئێستا ئەو کاپیتانە گوناهانە بوون لەلایەك خۆیان پاراستووە لە نەخۆشی (ڕۆشنبیری) نێو پاپۆڕەکەیان و کۆنترۆڵیان کردوون ، لەلایەکی دیکەوە خۆیان لە شەڕی دەسەڵات پاراستووە ، چونکە ئەوان هێشتا نامۆکانی نێو دەسەڵاتن ...**

**هیوادارم ئەم جارە ، وەزیری ڕۆشنبیری داهاتووی حکومەتی هەرێم و هەروەها وەزیری کوردی وەزارەتی حکومەتی ئێراقی داهاتوو، پرسی ڕۆشنبیری لەپرسی دیموکراسی جیانەکەنەوە، دەنا پەیژە کۆنینەکانی پاپۆڕە شکاوەکە بۆ سەرکەوتنی کاپیتانی تازە، تەیارو ئامادەیە و چیرۆکەکەش ئامادەیە خۆی دووبارەبکاتەوە..**

**ئیسماعیل حەمەئەمین**
**نورنبێرگ** 18. Mai 2006
hamalaw@hotmail.com

**لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) ی ژمارە 20 ساڵی 2006 دا بڵاوبۆتەوە**